www.kurdistannet.org 7-2-2003

## كۆميتەی خستنە گڕی هەوڵەكان بۆ داددگایی كردنی تاوانبار نەزار خەزرەجی - دانمارك

2003-2-6

### ڕاگەیاندن

دیارە ئەو هەوڵانەی خراونەتە گڕ لە پێناو داددگایی كردنی تاوانبار نەزار خەزرەجی ، ئەركێكی كوردانەیە و گشت ڕێكخراو و لایەن و كەسێكی خستووەتە بەردەم ئەركێكی مێژووی گەورە ، كۆمیتەی خستنە گڕی هەوڵەكان بۆ داددگای كردنی تاوانبار نەزارخەزرەجی لە سەرەتای دامەزراندنی تا ئەمڕۆ ، هەوڵی داوە پەیوەندی بكات لە گەڵ زۆرترین ژمارەی پارت و ڕێكخراو و كەسایەتی كوردستانی و بێگانە ، دور لە هەڵشەیی سیاسی و وورووژاندنی لایەنە پەیوەنداراكان ، لە كوردستان و دەرەوەی وڵات ، سەبارەت بە ئامانج و ئاكامەكانی دادگایی كردنی تاوانبار نەزار خەزرەجی ، وەك تاوانباری جەنگ بەرانبەر بە كورد .

خۆشبەختانە تا ئێستا زۆرینەی ئەو لایەن و كەسانەی پەیوەندیمان لە گەڵ كردووە ، هەڵوێستیان دڵسۆزانە و بە گوێرەی پێویست بووە ، ئەنجامی پەیوەندێكانمان لە گەڵ ئەو ڕێكخراو و لایەنانەی بیروڕاو و هەڵوێستی جیایان هەبووە تا ئێستا ، دوا جار گەشتە ئەوەی لە ڕۆژی 2003\2\28 وتەبێژێك بە ناوی مەكتەبی سیاسی یەكێتی نیشتمانی كوردستان پێمانی ڕاگەیاند ، كە یەكێتی بڕیاری داوە لەو ڕووەوە ، چی تر دەست نەخاتە ناو پرۆسەی دادگایی نەزار خەزرەجی وە ، لە بە هەر هۆیەك بێت .

هەروەها لە ڕێگای پارتێكی كوردستانی هەندێك ڕاسپاردەمان ناردبوو ، بۆ كاك مەسعود بەرزانی ، لە وەڵامدا كاك مەسعود وتویەتی ، سەرەڕای ئەوەی داوایان لێم كردووە نامە بنێرم و نەم ناردووە ، هەروەها ئامادەش نیم بچم بۆ دانمارك و شایەتی بۆ نەزار خەزرەجی بدەم .